دایە، کەرەکان زیندانی کران.

لەو رۆژەوە کوڕی داربی  کەری خۆشویست و رقیشی لێبۆوە، سوێندیشیخوارد لـە کن کچی داربی وشەی (کەر)ی بە زاردا نەیە، مندالآنی داربی ناوە ناوە بە داربیەکـە بەژنی خۆیان دەپێوا، کچی داربی لە تەنیشت بیەکە رێك لە بیەکە رێکتر رادەوەستا، کوڕی داربـیش بـە پارچـە گەچـیّ بەرزییەکـەی نیشـاندەکرد، ئـەوجا نـۆرەی کوڕەیـە راوەستیّ، فێلیشیان لە یەکتر نەدەکرد، نە پێلاوًیـان لـە پـیّ بـوو، نـە پاژنـەیان بلّنـد دەکرد،  قەدی بیەکەشیان لە ئاستی تەوقی سەر نیشاندەکرد، بە مـوو بلّنـد و نـەوی تێدا نەبوو،، ئەو هاوینـەی وێنـەی ( کرێمسـتی لـە کـەلێنی پەنجەکانـەوە) گـیرا، بـە پێوانەی داربی کوڕی داربی سیّ پەنجە لە کچی داربی درێژتر بوو، بەلاّم ئەو هاوینـەی خۆیان بۆ چوونە قوتابخانە ئامادەدەکرد، داربیەکە جیاوازیی نیوانیانی تەنها پەنجەیەك نیشاندا، کوڕی داربی کەمێك نیگەران بـوو بـەو هەلّنەدانـەی خـۆی، بـەلاّم لـە دلّـی نەگرت و لە دلّی خۆی گوتی:

قەیناکە، خۆ هەلّنەدانم بەرانبەر خەلّکی نیە، بەرانبەر کچی داربیە.

مندالاّنی داربی پێکەوە دەچنە قوتابخانە، کوڕی داربی بە چوونە قوتابخانـە دلّـی زۆر خۆشـە، دەبـوو دوو سـالّ پێشـتر چـووبا، ئاوزەکـانی ئـەو ئێسـتا خوێنـدەوارن گەیشتوونەتە پۆلّی سێیەم، کوڕی داربی لە بیریەتی، دایکی دەیگوت:

کوڕم، تەسکەرەت نیە، وەرتناگرن..

ئەو سالّیش نەدەچووە قوتابخانـە ئەگـەر مـام گەڕیـدە بـە کـوڕی خـۆی ناونووسـی نەکردبا، کوڕی داربـی لـە بیریـەتی کچـی داربـیش سـالّێك و شـتێك درەنگـتر چـووە قوتابخانە، بەلاّم دواکەوتنی وی پەیوەندی بە تەسکەرەوە نەبوو، لە بیری نیـە هۆیەکـە چی بوو، هەر لە خۆوە دەلّیّ:

رەنگە لە سەر من راوەستابێت!

هەستیکرد قوتابییەکەی تەنیشتی دەیەوێ یارمەتی بدات، بەلاّم پێڕانەگەیشت، ئیدی چار نیە وشەکانی فڕاند:

شامینۆك و لۆبیا.

پۆلێك پێکەنین و زللەیەك کوڕی داربی هێنایەوە ناو پۆل، زللەکە توند بوو، بن گوێی قاوەیی هەلّگەڕاند، بەلاّم سەیربوو، هاوار هاواری لێهەلّنەستا، نەشگریا، سەری خۆی داخست، بە خەیالّ سەری خستە ناو مەنجەلّی شامینۆك و لۆبیاوە تا زەنگ لێدرا کەسی نەدیت، کوڕی داربی لەگەلّ زەنگ، لە ناو مەنجەلّی خەیالّیی شامینۆك و لۆبیاوە لە مەبەستی شەلە تێگەیشت کە کچی داربی شامینۆکی سپیە و خۆیشی لۆبیای رەشهەلّگەڕاو، کوڕی داربی پەست پەست، کڕ کڕ، تا گەیشتنەوە مالّ کچی داربی وەك خولخولۆکە لە دەوری دەسووڕا، لە پێشی رادەوەستا، رێی لێدەگرت، جانتاکەی رادەکێشا، کوڕی داربی زللەی مامۆستای بۆ کچی داربی نەگێڕایەوە..

هاوار هاواری دنیا لە هەناوی پەنگیخواردۆتەوە، کچی داربی رەنگە هەر لە دەرگاوە جانتاکەی تێهەلّدابێ، پێناچێ تیکە نانێکی خواردبێ، هاتە مالّی کوڕی داربی، کوڕی داربی لە کن دایکی بەسەر خۆی ناهێنێ، باران نم نم دەباری، داربییەکە کەسکدەچێتەوە، بەلاّم زۆر پڕ نیە، مندالاّنی داربی لە بن داربییەکە، دلّۆپە باران دەگرنەوە، کچی داربی زۆر لەکوڕی داربی دەکات، کوڕی داربی پشت لە کچی داربی دەکات و بە شەرمەوە سەرهاتی زللەی بۆ دەگێڕێتەوە، کچی داربی بە بازێ دێتە پێش کوڕی داربی و تەماشای روومەتی دەکات:

سەگباب مامۆستا..

هەزار جوێن بۆ مامۆستای زللە دەنێرێ، لە گەمەی بن داربی کوڕی داربی هەندێ هێوربۆوە، بە رۆیشتنی کچی داربی هێوریش رۆیی، شەو درەنگە، هاوار لەبەر هاواری هەناوی خەوی لێناکەوێ، دایکی دەزانێ شتێك بووە، بەلاّم هاوار چ نالّێ،

قوتابیەك كە لە پشت كوڕی داربی دادەنیشت، دەستی هەڵبڕی:

ماموٚستا ئەتوش بە دار و زللە لێمان نادەی؟

ماموٚستای زللـە، هـەتا زللـە هـەبوو لـە بـن گـوێی دا، منـداڵ لـە هـاڕژنی دا، روومـەتی سوور سوور وەك گولاڵە سوورهەڵگەڕا، قوتابیەك لەو سـەرەوە لـە تەنیشـت یوسفەوە كە لە هەموویان باخوٚشتر بوو، بە چرپە، بەلاٚم ماموٚستا گوێی سووكە:

شەڕ ماوە..

ماموٚستای زللە مندالّەی بانگكردە پێش تەختەرەشەكە، یازدە راستەی لە سەر تی لە دەستی دا و گوتی:

یازدەی ئازار بوٚ پێشمەرگە، یازدە راستەش بوٚ توٚ، كەرباب.

منداڵانی داربی سەیوانیان هەڵداوە و بە بن باراندا بەرەو ماڵ دێنەوە،كچی داربـی هەستدەكات، دوو سەیوان لێكیان دووردەخاتەوە:

+سەیوانەكەی خوٚت هەڵگرە وەرە بن هی من.

- نا، گوڵنار، توٚ وەرە بن سەیوانی من.

بە قسەی دەكات، لە بـن سـەیوانێك ورد ورد بـەرێوەن و بـارانیش لـە پشـتێن بـوٚ خوارەوە تەڕیان دەكات،كچی داربی دەڵێ:

+ئەوڕوٚ ئێمە گوٚرانی ( ئەی رەقیب)مان گوت.

- ئێمەش گوتمان.

تا ئەو روٚژە منداڵانی داربی لە قوتابخانە گوێیان لـە (ئـەی رەقیـب) نـەببوو، كـچ دەڵێ:

+ لە پوٚلی ئێمە چوار كچ دوێنێ بابیان هاتبوٚوە.

- لە پوٚلی ئێمەش.

+ ئەگەر ئێمەش بابمان بمایە، دوێنێ دەهاتنەوە.

دارتێلەکە دوا دارتێل لە سەری رۆژهەلاتەوە، تێلێکی باریك لە سـەری دارتێلـەوە بە لاری هاتبووە ناو عـەرد، کوڕی داربی دارلاستیکی هاویشتیٚ، دەنگی نەهات بەلاّم بەرد هەلّقۆزیەوە، باب کوڕی گرتە باوەش و ماچبارانی کرد، کوڕ دەلّێتە باب:

ئەگەر بەردێك لەو تەلەی سەر سەرەوە بدەم، لە کاتی گەڕانەوە نابێتە کارەبا؟

باب دەلّیٚ:

نا، لێیدە..

چوونە بن تێلەکان، هاویشتی، بەرد رۆیشت، رێك بـە تـەلی سـەرەوە کـەوت و لـە تەنیشت خۆیان کەوتەوە..

مام گەڕیدە دەلّیٚ:

بڕنۆی بدەیتیٚ، دەرزی هەلّدەگریٚ..

رۆژێك لەو بەری کەنـدیٚ پیـاو نیشـانەیان دانایـەوە، منـدالّی گـەڕەك لـە پشـتیان راوەستابوون، کچی داربییش لەویٚ بوو،بە زۆر تۆلّەستێنیان برد، ئەو پیاوە دەیگوت:

من باوەڕم نە بە تەقەی خۆشیە، نە بە نشانەدانانەوە.

ئەو رۆژە نیشانە جگەرە بوو، هـەموو هاویشـتیانیٚ، جگـەرە بـەلاّی نەگەیشـتیٚ، تۆلّەستێن نیشانەی لێگرت، هەلاّهـەلاّی کـرد، بـووە چـەپلّە و فیکەکێشـان، دەنگـی کوڕی داربی لە ناویان دیارە( بژی بابە، بژی بابە)، کوڕی داربی دەلّیٚ:

منیش تێیدەگرم..

پیاوێك دەلّیٚ:

دانیشە بەرخم، تۆ چوزانی تەقە بکەیت.

باب دەلّیٚ:

چەکی وی دارلاستیکە

پیاوەکە دەلّیٚ:

تامی بکە بزانە چەند لە ماچی هاوار دەچیٚ.

دایك گەزەیەکی لیٚدەدات:

ئۆی چەند شیرینە، دەلیٚی رووماتی هاوارە.

باب هەنجیریٚك دەداتە دەستی، لەو دەمە کچی داربی بە سەردا دیٚ، باب دەلیٚتە کوڕ:

ئەگەر دەتەویٚ بزانی چەند شیرینی، ئەو هەنجیرە رەشە بخۆ.

دەیخوات، شیرینە، باب دەلیٚتە کچ:

وەرە دنکە هەنارەکەم، هەنار و هەنجیر بخۆ.

هەنجیرەکە دەخوات و دەلیٚ:

ئۆی، چەند شیرینە ئەو هەنجیرە رەشە..

لەو دەمە کوڕی داربی هەست بە شیرینیی خۆی دەکات..

تۆلەستیٚن یەك مندالی هەیە، بەلاٚم لەوەتەی هاتۆتەوە، جاریٚك نەبیٚ، هەر جارەی بە دیاریی مندالاٚنە گەڕابیٚتەوە مال، دوو دیاری بە دەستەوە بووە، کوڕی داربیش هەر ئەوەی ویستووە، بیٚ کچی داربی هیچی وەرنەگرتووە، ئەو جارەی بابی بە بۆنەی یەکەم بوونی پایسکلی بۆ کڕی، سویٚندی خوارد پیٚ ناخاتە سەری، تا بۆ کچی داربیش نەکڕیٚ، کوڕ دەلیٚ:

گولناریش وەك من یەکەم بووە.

باب بە سەر خۆیدا شکاوە، بە کوڕی داربیی گوت:

تەواو، دلنیابە لەمەودوا هەرشتیٚك بۆ تۆ بکڕم، بۆ گولناریش دەکڕم.

تا پایسکل بۆ کچی داربیش نەهات، کوڕی داربی پایسکلی خۆی نەهیٚنایە دەریٚ، زوو زوو دیاری بۆ مندالاٚنی داربی دەهات، خۆ لە جەژنان و لە کۆتایی سالاٚن

کوڕی داربی بڕیاری دا  شانەیەك بە پرچی داربیدا بێنێ، زۆر کەڕەت کە کچ دەهاتەماڵیان دەچوو شانەیەکی دەهێناو بە دیار کچەوە پرچی خۆی دادەهێنا، لە کچە نزیکدەکەوتەوە ئێستا نا ئێستا شانەکە دەگەیەنێتە پرچی خاوی کچ، دەچووە پێش، بەڵام زاخی نەدەکرد، دەستی دەلەرزی، دەکشایە دواوە، زەحمەتە..کوڕی داربی داخی لە ڕۆژانی پێش شەرم دەخوارد، ئەو ڕۆژانەی بە ئاسانی دەیتوانی دەست بە قژی کچی داربیدا بێنێ، بۆ وای نەدەکرد، ئەدی ئەو جارانەی لە گەرماوی (خانزاد) ئەوەی بن قەرات، خۆ بە تەنیشت یەکەوە ئاویان بە خۆیاندا دەکرد، بۆچی دەستی بە ناو پرچی کچدا نەدەگێڕا؟ حەیف!

ئەوڕۆ ڕۆژی چوونە گەرماوە، دنیا گەرمە، لە هاوینان ژنان حەفتەی جارێك دەچنە گەرماوی دەرێ، بەڵام بە کوڕی داربی چی! ئەوەتا ژن و منداڵ بەرێکەوتن، کچی داربی دەستی بە دەستی خانزادەوە، ماوەیەکە دایك کوڕ لەگەڵ خۆی ناباتە گەرماوێ، کوڕی داربی لەوە تێنەگەیشت، دەیویست لە دایکی بپرسێ، شەرمیدەکرد، چووە بن داربیەکە، دەیەوێ لە مام گەڕیدە بپرسێ، گوێ بە رادیۆوە ناوە:

مام گەڕیدە، دایکم من ناباتە گەرماوی خانزاد، لۆ؟

مام گەڕیدە دەنگی رادیۆکە پتردەکات:

چی چی!

کوڕی داربی دەڵێ:

دەڵێم..

مام گەڕیدە دەستی لە رادیۆکە شل دەبێ:

پەکو، ئای، نابێ

کوڕی داربی دەبینێ مام گەڕیدە زۆر تێکچووە، لە پرسیارەکەی پەشیماندەبێتەوە؟

قەیناکە، ناچم ناچم..

کوڕی داربی لە توخمەکە تێگەیشت، بەڵاّم لە ئاوگەرمکردنەکە نا، دواتر دایکی بۆی ڕوونکردەوە...

منارەی چۆلی چێڵی لە بیری کوڕی داربی بردەوە، باب گوتیە کوڕ:

تۆ چوویتە ناو منارەی چۆلی؟

کوڕ بە سەرسامیەوە:

چما، منارە ناوی هەیە؟ من هەر لە دەرێوە دیتمە.

دایك دەڵێ:

وەڵاّ منیش هەر جاری گۆڕین....

کوڕی داربی ویستی بڵێ، با کچی داربیش بێ، دەتگوت شەرمی کرد گێڕایەوە، باب بە هانایەوە هات:

هەر ئێستا هەر چوارمان دەچین..

دایك دەستی بە زگی خۆیدا هێنا، باب بزەیەکی شیرنی هاتێ..

هەر سێکیان بە ڕێکەوتن، دایك نەچوو، لەو جادەیەی کە پێش هاتنەوەی تۆڵەستێن سنووری نێوان سەربازخانە و گوڵێنگدارەکان بوو، سواری پاس بوون، هەرسێکیان بە تەنیشت یەکەوە سوار بوون، کوڕ و کچ و خۆیان کورژدەکردەوە، نەیاندەهێشت لەشیان بەر یەکتر بکەوێت، دابەزین، کوڕ و کچ بە دەنگی نزم تابلۆی سەر فرۆشگاو بالەخانەکانیان دەخوێندەوە، لە دوکانێك شەربەتی مێوژ دەخۆنەوە، لە سەری بە خەتێکی درشت نووسراوە( مام قادر)، کوڕی داربی دیتی سەری کەپووی کچی داربی بە ئاوی مێوژە، جوانیەکی وای دابووە کەپوو، کوڕی داربی لە بیری نەچێتەوە، بە دەم ڕێی منارەوە لە نێوان منداڵانی داربی باس هەر باسی شەربەتی مام قادرە، باب گوتی:

من زۆر جار لە چیاش بیرم لەو شەربەتە دەکردەوە.

تۆڵەستێن خاڵی کوڕی داربی کە بە مۆسکۆیی ناوی دەرکردبوو، زوو زوو سەردەدات، هیچ جارێکیش دەستبەتاڵ نایە، دەست بە سەر منداڵەکاندا دێنێ، لە باوەشیان دەگرێ، چوکلێتیان دەداتێ، بەڵام کێ جێی باب دەگرێتەوە، کوڕی داربی هێندە حەز لە چارەی خاڵی ناکات، دێتە بیری جارێك باب و خاڵ بووە قرەقرِیان و هێندە نەمابوو دەمانچە لێکدی راکێشن، باب دەیگوت:

تۆ بەکرێگیراوی رووسیا و سەدامی..

خاڵ دەیگوت:

تۆ بەکرێگیراوی ئەمریکا و شای..

مۆسکۆیی بە تووڕەیی هەستا و نەهاتەوە، تا تۆڵەستێن نەڕۆیشت، پێی نەنایە ئەو ماڵەوە،کوڕی داربی ئەودەمانێ لەو هەموو بەکرێگیراوانە تێنەدەگەیشت، بەڵام بێ چەند و چوون لایەنگیری بابی گرت و لەودەمەوە حەز بە چارەی خاڵی ناکات..

لە چاویان دیارە دایك و مام گەڕیدە لە سەر ئاو و ئاگرن، کوڕی داربیش هەمیشە چاوی لەو رێیەیە کە تۆڵەستێن پێیدا رۆیشت، لەو شەوەی دەرچوو هەواڵی نیە، بەڵام تا نزیك دڵنیایی دڵنیایە کە باوکی زیندووە، ئەوەی شەوان گوێ بداتە رادیۆکەی مام گەڕیدە دەزانی چ پێشمەرگەیەك شەهید بووە، ناوی شەهید دەخوێندرێتەوە، ژمارە و زۆر جار ناوی سەرباز و جاشی کوژراو دەخوێندرێتەوە، کوڕی داربی دڵی زۆر خۆشە بە ژمارەکان، بەرانبەر یەك پێشمەرگەی شەهید بیست و پتریش سەرباز و جاشی کوژراو هەیە، لەو ساتانەی رادیۆ دەبێتەوە تا ناوەکان دەخوێندرێنەوە، دەستی لە سەر دڵیەتی و دەپاڕێتەوە کە ناوی باوکی تێدا نەبێ، کچی داربی لە نیگەرانیی کوڕی داربی تێدەگات، پێیدەڵێت:

خەمی بابت نەبێت، ناوی ناخوێندرێتەوە.

با زۆر خرِبکەینەوە لەوانەیە ئەوە دوا رووبار بێ، تا سالێکیتر نەیبینینەوە..

کچی داربی بە پێکەنینەوە:

خوا ئەو رووبارەی لە بەر خاتری من نارد، چونکە حەزم لێیبوو..

لەو قسانە بوون لە لای حەسارەکەوە دەنگی دوو سێ گوللە هات، زۆری نەبرد گەرِەك رژانە حەسارە گەورەکەوە، ئەو حەسارەی مالّی خانزادی تێدابوو، مندالآنی داربی ناویان لەو حەسارە نابوو حەساری خانزاد، چ بوو، چ بوو؟ ((خانزاد خۆی کوشت))، ئەو رستەیە بووە رستەی گەرِەك، هەموو گەرِەك دەیگوتەوە، تەنها گولّێ رستەیەکی جیا لەو رستەیەی هەبوو:

((خانزاد خۆ ناکوژێت))

دەیانگوت خانزاد دوو گوللەی بە نێوان هەردوو مەمکی خۆیەوە ناوە و گوللەیەکیش بە ناو دەمیەوە، حەسار سوور بوو لە خوێنی خانزاد، خانزدا خانزاد، گەرِەك هەموو خانزاد خانزادی بوو، کورِی داربی لە بن فرمێسکەوە تەماشای هەر کێی دەکرد،دەگریا، کچی داربی گریا، دایك گریا، مام گەرِیدە گریا، نەنە خان گریا، کێ نەگریا! گەرِەك هەمووی بۆ خانزاد گریا، تەرمی خانزادیان لەو گۆرِستانە ناشت کە دەکەوێتە سەر رێی دارخورماکە و لە سەر کیلّەکەشی هیچیان نەنووسی، پرسەشیان بۆ دانەنا، حەمەد و جەباری قورئانخوێن لە سەر خانزدا بووە شەرِیان، بە ئایەت و فەرموودە بەربوونە گیانی یەکتر، جەباری قورئانخوێن دەیگوت خانزاد دۆزەخیە، چونکە خۆی کوشتووە، حەمەدی قورئانخوێن دەیگوت وا نیە، خانزدا دوور نیە بەهەشتی بێ، چونکە کوشتنەکە دیار نیە، کەسیان نەبەزی، دەروێش برایم لێکی کردنەوە و بە رستەی (ئێوە چین تا خەلّك بۆ بەهەشت یان دۆزەخ بنێرن!)) دارێکی بە نێوانیاندا هێنا، کورِی داربی لەو رۆژەوە دوژمنی بووە جەباری قورئانخوێن..

قۆرت گەیشتە ساخە و هیچی نەدیتەوە، بە خێرایی پڕیکردەوە، بەرماڵەکەی لە سەری راخستەوە، وەك بەڵێنی بە کچی داربی دابوو، سەرهاتی زگپڕبوونی خاتوونی بۆ گێڕایەوە، بەلاّم پێیگوت کە بۆ کەسی نەگێڕێتەوە، کچی داربیش سەری سووڕما و هیچی تێنەگەیشت..

کوڕی داربی چاوی لێیە، مام گەڕیدە هەر لەگەڵ پێ خستنە سەر دەرگا، هەستدەکات ژوورەکەی پشکنراوە، چووە ژووری، زۆری نەبرد هاتە دەرێ و رووی کردە کوڕی داربی:

پەلەت کرد!

کوڕی داربی:

پەلەم کرد، بەلاّم چ تێنەگەیشتم.

مام گەڕیدە:

خاتوون بە بن بەرماڵەکە زگی پڕ دەبوو، ئیدی زگی پڕ نابێ..

کوڕی داربی:

بە چی؟

مام گەڕیدە:

بە فیشەك، ئەو فیشەکانەی بابت لە شەوی رۆیشتن بۆی دەرنەچوون..

دایك سەرکۆنەی کوڕی کرد، کوڕ شکایەوە و هەستیپێکرد هەڵەی کردووە و نەدەبوو لە ژوورەکەی مام گەڕیدە بە دوای شتدا بگەڕێت، دایك کوڕی تێگەیاند کە خاتوون و فیشەك نهێنیە نابێ کەس بزانێ، گوڵناریش نابێ بزانێ، ئاشکرابوون وێرانکردنی ماڵ و گرتن و کوشتنی بە دواوەیە، دایك بە کوڕی گوت:

لە سەرمانە دوعا بکەین کە لە بازگە گومان لە خاتوون نەکرێ و دەست لە زگی نەدەن، ئاشکرابێ ئێمەش تێدەچین، نازانم بۆ ئەوجارە دڵم دەترسێ..

ئەوە دەنگت بۆ وا گڕ بووە؟

کوڕی داربی سەری سوڕما! باشە دەنگی چی لێهاتووە، بۆ گڕ بووە، کچی داربی بە پێکەنینێکیدی دەنگگڕی لە بیری کوڕی داربی بردەوە و گوتی:

دەی با بچین خۆمان بپێوین.

چوونە بن داربیە تەڕەکە، ئەو جارە بزماریان لە بری گەچ بەکارهێنا، لەو پێوانە کوڕی داربی لە ئاست کچی داربی دوو پەنجە کورتی هێنا، کەمێك دڵتەنگ بوو، کچی داربی لە چاویدا دڵتەنگیەکەی خوێندەوە، پێکەنینێکیدی بۆ کرد و گوتی:

تۆ دایتە قەڵەوی من بەژن، خەمت نەبێ دەگەیتە من..

بەفر عەردی سپی کرد، پتر کەوت، ورد و درشت هاتنە دەرێ، لە گشت لاوە شەڕە بەفرە، خوشك و براکەی کوڕی داربیش بە دەستە وردیلانەکانیان بەفر هەڵدەگرن و دەهاوێن، نەنەخانیش هات، لەگەڵ مام گەڕیدە دوو سێ تۆپەلیان بۆ یەکدی هاویشت، منداڵانی داربی شەڕەبەفرێکی جوانیان کرد، لەو دەمە کوڕی داربی خانزادی بیرکەوتەوە کە پار زستانێ شەڕەبەفری لەگەڵ دەکردن، کچی داربی لە خەیاڵی دەرهێناو گوتی:

وەرە با بووکە بەفر...

قسەکەی تەواو نەکرد دایکردە بارانێك هێندەی تا بیست بژمێرێ، عەرد سپێتی پێوە نەما، بووە یەك لیتاو مەپرسە، لەو دەمە براکەی کچی داربی هات و خۆی لێ تووڕە کرد و بردیەوە، کوڕی داربی پێی سەیر بوو، ئاخر دەمێك بوو، وازی لە کچی داربی هێنابوو..

((ئەوڕۆ ١٢-١٢-١٩٧٤، دایکم ژانی گرت، بابم لێرە نەبوو مامان بێنێ،کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ کوڕێکی بوو، مام گەڕیدە ناوی نا گیڤارا، ئەگەر بە دەستی من بێ، گیڤارا دەدەمە ماڵی کچی داربی))

ئەو چەند رستەیە دەستپێکی نووسینەوەی یادەوەریی کوڕی داربیە، کە دواتر لە ژێر ناوی کرێمستی نووسی و بە دنیادا بلاّویکردەوە...

زۆری نەماوە ساڵ وەرسووڕێتەوە، لە رۆژمێری کوڕی داربی ساڵی نوێ لە ١١ی ئازارەوە دەستپێدەکات، چونکێ لەو رۆژە بابی بۆ پەیدا بوو، لەو رۆژە بابی هاتەوە، هەر لەو رۆژە بابی رۆیشت و تا ئێستا نەگەڕاوەتەوە، بە قسەی رادیۆکەی مام گەڕیدە بێ ناگاتە ساڵی نوێ تۆڵەستێن دێتەوە و لە هاتنەوەدا تۆڵەی ساڵێك دووری و ناخۆشیەکان دەکاتەوە و ئیدی لێکدابڕان کۆتایی دێ، چەند رۆژێکی ماوە بۆ ساڵی نوێ، کوڕی داربی دەبینێ مام گەڕیدە برۆکانی لێکناوە و ئاگر لە چاوی دەبارێ، تا هێزی تێدابوو رادیۆکەی بە دیوار دادا، کوڕی داربی لەرزی، گریا، هەبێ نەبێ کۆتایی دنیایە، مام گەڕیدە رادیۆ بشکێنێ، نیشانەی کۆتایی دنیایە، کوڕی داربی هەر کۆتایی دنیای لە رادیۆ شکانەکە خوێندەوە، دایك کزە و قسەی بۆ ناکرێ، کوڕی داربی زراوی چوو، گومانی نیە کە باب تووشی بەلاّیەکی گەورە بووە، مردووە، بە هاوارەوە دەپرسێ، کەس وەلاّمێکی روونی ناداتەوە، لە ناو فرمێسك و هاوارەکانی خۆی تەنها کچی داربی دەبینێ، ئەویش دەگری و دەیەوێ باوەشی پێدابکات، شەرم دەیگرێ، لەودەمە خاڵ دەگاتێ، دەست لە ملی دەکات، ماچی دەکات، فرمێسکەکانی دەسڕێت و پێیدەڵێ:

تەواو، شتێك نەما بە ناوی شۆرش و پێشمەرگە، چاوەڕێ بکە بابت دێتەوە..

قل قل دەهاتنەوە، پیاوە بە چیاکەوتووەکان دەهاتنەوە، پیاوە رۆیشتووەکانی حەسار هاتنەوە، براکەی خانزادیش هاتەوە، هاتنەوە پیاوەکانی ئەو بەری کەندێ هی پشت ماڵی کچی داربی هی سەرەوەی ماڵی شەلەی شامینۆکفرۆش، هەموو هاتنەوە، بابی دیداریش هاتەوە، ئەوەی دیار نیە تۆڵەستێنە، ئەو کوڕەی زگی خانزادیشی پڕکرد سۆراخی نیە، دایك منداڵەکانی بردە ماڵی کچی داربی، لەگەڵ مام گەڕیدە و

بەڵێ

گوڵێ:

لنگم رووتە؟

جەبار:

ئەستەغفیروڵا، بەڵێ

گوڵێ چەقۆکەی لە دەستە:

ئەدی تۆ نالێی هەر ژنێك هەر کچێك سەری کۆت بێ، لنگی رووت بێ، بێڕەوەشتە، من بێڕەوشتم؟!

جەبار دوو سێ ئایەت دەخوێنێتەوە، گوڵێ چەقۆکە لە سەر شانی دادەنێ و بە دەنگێك کە چ لە دەنگی گوڵێ ناچێت:

بە کوردی قسە بکە، بە کوردی بێڕەوشتیم بسەلمێنە..

لەو ساتە حەمەد دەگات و جەبار لە بن دەستی گوڵێ دەردێنێ، گوڵێ دەڵێ:

جارێکیدی بە من بڵێی بێڕەوەشت بە قوربانی دوو چەقۆت دەکەم..

هەر ئەو رۆژەش بوو گوڵێ سەگ گرتی، کەلپەی لە بەلەکی بردبووە خوارێ، سەگەکەش دوو چەقۆی خواردبوو، هەندێك کەس پێیانوابوو، ئەوە خوای قورئانخوێن بوو وای بە سەرهات، چۆن دەبێت چەقۆی لێهەڵکێشێ، دەیانگوت، بەڵام ئەو نێرە هەیتەیە لە چ دەترسێت، ئەها جێی کەلپەی سەگ بە بەلەکیەوە دیارە، هەر دەبوو لەبەر ئەوە لاقی داپۆشێ، کەچی گوڵێ دەیگوت:

دەبوو دوو چەقۆش لە جەبار بدەم، هەر کێ پەلامارم بدات بەر چەقۆی دەدەم..

کوڕی داربی لە بیریەتی هەر لەو رۆژانە دایك مەکینەیەکی دروومان دەکڕێ، جلك بۆ خەڵك دەدووری، تۆڵەستێن کە دەبینێ شیرین کار دەکات، دەنێرێ هەندێ شووشەی ئەستوور وکەرەستەی بۆ دێنن، دەستدەکات بە تەزبێح دروستکردن، ئیدی

دەچوونە سەردانی خزمانی دەرەوەی شار و شەو نەدەهاتنەوە، کلیلی دەرگای حەوشەی بداتیّ، دیدار بیّئەوەی بپرسیّ چیت لە بن سەرە؟ هەریّکەی دەباتە سەر و کلیلی لە مست دەنیّ، هاوار شەویّك نازانیّت چ کاتی شەوە لەبیریەتی مانگەشەویّکی ئاوینەییە،، هەڵەی نەکردبیّ هەر ئەو شەوە بوو کە برادەرەکەی بابی بە (شەوترین تەمووز) ناوی هیّنا، ئەو شەوەی سەدام لە تەلەفزیۆنەوە، لە جیّگریەوە خۆی کردە سەرۆك کۆمار، تۆڵەستیّن کە ئەوەی دیت و بیست گوتی:

ئەو پیاوە قەت جیّگر نەبووە هەمیشە سەرۆك بووە

برادەرەکەی گوتی:

وایە، بەلاّم لەمەودوا لە تاوان گەرمتر دەبیّت، بەراستی ئەوشەو شەوترین تەمووزە.

هاوار لە شەوترین تەمووز خۆی لە ماڵ دەدزیّتەوە، بن دیوار و بن دیوار دەگاتە بن دارتووەکەی پیّش دەرگای ماڵی دیدار و چاو بە کۆلاّن و دەرگاکاندا دەگیّڕیّ، باشە دەرگا کەوتۆتە سیّبەری درەختەکە، دەرگا دەکاتەوە و بە هیّواشی بە قادرمەکە هەڵدەگەڕیّ، خۆی دەداتە پەنای دیواری خانووەکەی قاتی سەریّ، باشە پەنایە و تریفە لیّی نادا، کەس نایبینیّ، دیواری ستارەکە بڵندە، چاو دەگیّڕیّ، سیّ چوار بلۆك لە سووچەکە دەبینیّ، دەچیّت بلۆك بیّنیّ، لەو ساتە لە سەر بانی ئەو لا کە ستارەکەی نەویە، زاوا گچکەلە دەبینیّ دەڵیّی منداڵە خۆی لە باوەشی بووکیّ ناوە، ئەو زاوایە ناوی سابیرە بەلاّم چونکیّ زۆر منداڵە گەڕەك ناویان نا زاوا گچکەلە، هاوار زوو رووی خۆی وەردەگیّریّ، دوو بلۆك دیّنیّ و دەیانخاتە سەر یەك، ئیّ، لە تەنیشت یەکتر لە سەر پشت راکشاون، سەر لە لای وی، پیّ لەو لا، راکشانی بن دار خورماکەی بیرکەوتەوە، سەربانی بەجیّهیّشت و گەڕایەوە بن داخورما، دەستەکە نەبا وا زوو نەدەهاتەوە، پیاوەکەی خۆی وەرگیّڕایە سەر تەنیشت و دەستی خستە سەر سین و

مەگەر دوور بە دووری دەنا رووی تەماشاکردنیم نەبوو، حەفتە هاتوو چوو گوڵنار بە شێوەیەکی ئاسایی، وەك کچ و کورەکانیدی بەیانی باشی دەکرد، چاکوچۆنی دەکرد، بەلاّم من بە شەرمەوە وەلاّمیم دەدایەوە، خودایە، گوڵنار بۆ وایە! تۆ بڵێی نەمناسێتەوە، یان منداڵیی لە بیرچووبێتەوە، یان دوای شووکردنی، من لە چاویەوە وەك هەر کەسێکی ئاسایی، ئاسایی بم، بۆچی هەواڵێك لە دایك، باوك، گەرەك ناپرسیّ! تێناگەم، تۆ بڵێی رووداوێکی وای بە سەرهاتبێت کە رابردوو لای وی هێندە بیّ بەها بووبێت، هی ئەوە نەبێت کە قسەیەکی لێوە بکەیت، گوڵنار، ئای، گوڵنار، باشە، تۆ بڵێی ئەو گوڵنارە گوڵنارێکیدی نەبێت، وەك چۆن شیرین و پەرژین کۆپی سەر یەکتر بوو، گوڵنار و گوڵناریش بە هەمان شێوە، نا، ناکریّ، لە دنیاییّ یەك گوڵنار هەیە بەو شێوەیە، ئاساییە دایکم لە پلکم بچیّ و ئەو دوو ژنە لێکدی جیا نەکەمەوە، بەلاّم گوڵنار نا، گوڵنار لە هیچ گوڵنار و ژنێك ناچیّ، ئەوە گوڵنارە بە بەژن، بە رۆیشتن، بە بە پرچی پەلکەزێرینەیی، لێو و دەم و چاو و برۆ، بە لووت کە جوانترین لووتی دنیایە، بە دەنگ، بە بزە، تەنها پێکەنین ماوە، گوڵناری ئێستا پێناکەنێت، ئەویش دڵنیام کارەساتی گەورەی بەسەرهاتووە، بۆیە پێناکەنێت، تا ئێستا گوێم لە پێکەنینەکەی نەبووە، بەلاّم کە بزە دەکات، هەمان ئەو بزەیە کە کە لە بن داربیەکە، لە بن دارخورماکە، لە سەر منارە و قەرات، لە رێی قوتابخانە، لە هەموو ئەو ساتانەی بزەی دەهاتیّ..

(گوڵنار چەتۆ شابارام) رەنگە حەفتەی دووەمی ساڵی خوێندن بووبێت، مامۆستای مێژووی دەچلە و فرەهات کە پیاوێك بوو لە خوارووی زێیەکانەوە هاتبوو، بەلاّم شارەزایی لە چیاکانیش هەبوو، ناوی سیانی گوڵناری خوێندەوە، دیاربوو واتای گوڵنار و شابارامەکەی دەزانی، بەلاّم بە عەرەبی پرسیاری لە واتای (چەتۆ) کە کرد،

ئەو رستەیەی گوڵنار منی وێرانکرد، وێرانبوونێك جگە لە خۆم کەس نەیدیت، جگە لە خۆم کەس گوێی لە دەنگی دارِمانم نەبوو، رەنگە کورِی گۆگجەلی شتێکی لێبیستبێت، دەپرسیّ:

دەبینم باش بۆگوڵنار لێدراوی..

رەنگە هەناسەیەکی قووڵم هەڵکێشابێت:

وازی لێبێنە..

کورِی گۆگجەلی:

پێیبڵیّ،ئەگەر شەرم دەکەیت من بۆت پێیدەڵێم..

گوتم:

نا، نا، شتی وا نەکەیت.

گۆگجەلی:

باشترە زوو پێیبڵێی، نەوەك بگیرێت..

گوتم:

وازی لێبێنە..

چۆن وازی لێبێنم، گوڵنار نەك دوو مێرد حەفتیش بکات، ناتوانم وازی لێبێنم، وازهێنان لە گوڵنار وازهێنانە لە خۆم، جگە لەو کەس نابینم، ئەویش بەس من نابینێت، لەبیریکردووم، نامناسێتەوە، تۆ بڵێی من سەرچیخ چووبم و ئەو گوڵنارە گوڵنارەکەی بن داربیەکە نەبێت!!

باشترە پەنا بۆ گوڵیّ ببەم، بێت و ببینێت و بزانێت چی بە سەرهاتووە، ماڵی گوڵیّ لە ماڵی خۆیان دوکانێکیان کردۆتەوە، زۆر جار گوڵیّ لە سەری دادەنیشێت، لەویّ دیتم، توورِە دیارە، ویستم بڵێم، ئەو گوتی:

+ شتێك هەیە بە چەقۆ ناکرێت، برِنۆکەت ماوە؟

به خەتی زەرد لە سەر تەختەرەش دەنووسم:

لە سەر بانی تریفەیی

بە کراسی زەردەوە راکشاوە،

بەردێکی هێندەی سەرە پەنجەیەك مانگ دەشلەقێنێ..

پێخەف لە بان تووڕە دەبێ

ئەو شەوە چ شەوێك بوو لە بێهودەیی!

گولنار دەیخوێنێتەوە، بەلام هیچ، نە هەر دارلاستیکی من رەنگە هاواری مێردیشی لەبیرچووبێتەوە..

لە سەر تەختە رەش بە چەند رەنگێك دەنووسم:

لە دەو بەستی پێش مالێ

لە پاش بارانێك بە سەر مندالی

بە تەنیشت خۆمەوە بوویتە پەلکە زێڕینە

لە بیرتە!

یان دابڕان بەستێك بوو هەستا و یادەوەری رامالی!

بە دەم خوێندنەوەوە پەرچەمی پەلکەزێڕینەیی هەلدەداتەوە، بەلام دیارە یادەوەریی بە بەستێدا چووە..

جگە لە کوڕی گۆگجەلی کەس نەیدەزانی ئەو شتانەی سەر تەختەرەش من دەیاننووسم، هەر ئەویش دەیزانی بۆ گولناریان دەنووسم، سەری سووڕما بوو لەوەی لە دێرەکاندا مندالیی بیردەهێنمەوە، ئاخر ئەو چ بزانێت کە من لە مندالیەوە سەراسیمەی گولنارم، رۆژێك هەرسالی یەکەم بوو گوتی:

یەك نەزانێت، دەلێت حەفت سالە عاشقی ئەو کچەی

لە بەر خۆمەوە گوتم، حەفت بجە سەر حەفتەکە و هێشتاش...

چارەگێکیدی بانگکرد و بێ پرس بۆ تۆشی تێکرد، گوتی:

ژنەکەم خۆی نەکوشت، کوژرا..

گوتت:

کێ کوشتی؟

خـانزادت بیرکەوتـەوە، زاوا گچـکەڵە بـە دەسـتەکانی چـاوی خـۆی شـاردەوە و هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا، هەناسەیەك ئەگەر جگەرەیـەکی تـازە داگیرسـاوی بـە لێوەوە با، دووکەڵی پێوەنەدەما:

من کوشتم..

گوتت:

تۆ! بۆچی؟

زاوا گچکەڵە فرمێسك و عەرەقی تێکەڵ کرد و وای گێڕایەوە:

درەنگ زۆر درەنگ زانیم خەجێ پـێش ئـەوەی ببێتـە ژنـی مـن پەیوەنـدی لەگـەڵ کوڕێك هەبووە، کوڕە ناسیاریشـمە، پێکـەوتم چـوونەتە باوەشـی یەکتریشـەوە، ئیـدی دنیام لە پێش چاو تاریك بوو، چەندی هەوڵم لەگـەڵ خـۆم دا لـەبیری خـۆم ببەمـەوە، ئەوەی روویداوە پێش من بووە، نـەمتوانی، رۆژ دوای رۆژ پـتر خـەمم دەخـوارد و بـە رقدا دەچووم، رقەکەم بەرانبەر خەجێ یە، بەرانبەر کوڕەکەیە، یـان لـە خـۆم، چـەند جار هاتە سەرم خـەجێ تـەڵاق بـدەم، نـەمتوانی، چـۆن تـەڵاقی بـدەم، خـەڵك نـاڵێن بۆچی؟! هەر جارێك ئەو کوڕەم دەدیت ئـۆقرەم نـەدەما، ئیـدی هاتـە سـەرم بیکـوژم، پەشیمان بوومەوە، هاتە سەرم خۆم بکوژم، دەستم نەچووە خۆم، هاتـە سـەرم خـەجی بکوژم، دەلەرزیم، ئیدی بڕیارم دا یـەکێك لـەو سـێ کەسـە بکـوژم، کوشـتم، خـەجێم کوشت..

بەلاّم تۆ چوویتە لای میّوان، ژوورەکە کەمیّك تاریکە، ئای، کوا گولّنـار! ژنیّکـی رەشپۆشی لاواز  سـیّ منـدالّی بـە دەورەوەیـە، هەسـتایەوە، چاکوچۆنیتان کـرد، بـە حەپەساوی لە بەرانبەری دانیشتی، لەبەر خۆتەوە دەلّیّیت:

بە راست ئەوە گولّنارە! ئەدی ئەویدی کیّ بوو؟!

دایك دەلّیّ:

کوڕم دەلّیّی نایناسیتەوە؟!

قسەناکەیت، تەماشای دەکەیت، ژنە چاوی کەمیّك بە قوولّدا چووە، بەلاّم زۆر لـە چاوی گولّنار دەچن، کچـە پارچـەلّەکە کەپشـتی بـە پەنجەرەکـە دابـوو، هـەر زۆر لـە گولّناری بن دارخورماکە دەچوو، ژنە دەلّیّ:

هەقی خۆیەتی نەمناسیّتەوە، ئاخر..

قسەکەی تەواونەکرد، تۆ حەپەسـاوی، قسـەت بـۆ نایـە، بیردەکەیتـەوە، هیّنـدەی نەماوە بقیژیّنی، چۆن دەبیّ ئەو هەموو سالّە کچیّکیدی خۆی کردبیّتـە گولّنـار! ژنـە پیّدەکەنیّ، ریّك پیّکەنینی گولّنارە، ئای دەمیّکە گویّت لیّینەبووە، لەو ساتە بە دیار چاو و لە ناو پیّکەنینی لە گولّنارەوە هـاتوو رەنگـە بۆرژابیـت، یـان کەوتبیـە زینـدە خەوەوە، خەناوکەی بن خۆلّت هیّنا، وا بە دەستتەوەیە و لیّیدەڕوانی.. ژنە لە پیّکەنین وەستاو بە شەرمەوە دەلّیّ:

داربیەکە هەر وەك خۆی ماوەتەوە، ئەریّ کریّمستیت بیردیّتەوە؟!

